لەم ژمارەیەدا ل٤
سوپەرمارکێتەکان گران فرۆشن یان...
ل٥ فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ!
ل٦ دەنگێکی ئاشنا بانگم دەکات
ل٧ گەلێکی ماندوو، حکومەتێکی کەمتەرخەم

گەڵاوێژی گەل
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٦٢) یەکشەممە ٢٠٠٦/١١/٢٦

کیسنجەر: عێراقێکی کۆنفدراڵی، باشترین چارەسەرە

هێنری کیسنجەر، وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا کە بە سیاسەتوانێکی ناوداری جیهانی ناسراوە، لە هەڤپەیڤێنێکی رۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمزدا رای خۆی سەبارەت بە عێراق دیارکردووەو گوتویەتی :(لەسەر بووش پێویستە ئاسایش یان دیموکراتی هەڵبژێرێ).

ئەو لەو باوەڕەدایە کە لەم کاتەدا دیموکراتی نایەتەدی، ئەگەر مەبەست چەسپاندنی ئاسایش بێ، دەبێ جڵەوی دەستەڵاتی عێراق بە سەرکردەیەکی سەربازی بەهێز بسپێردرێ، ئەگەرنا با عێراق بکرێ بە سێ هەرێمی کۆنفیدراڵی.

ناوبراو پێکهێنانی عێراقێکی کۆنفیدراڵی بە باشترین چارەسەر دادەنێ و پێیوایە پشت بە هاوسەنگی هێز و هاوسەنگی بەرژەوەندی دەبەستێ . ئەمەش لەسەر بنەمای گەیاندنی نێودەوڵەتیەوە بەدی دێ و لەبەرژەوەندی ناوچەکەدا دێتەوە.

بۆ دژایەتیکردنی حکومەتی هەرێم، مالیکی هاوکاری دوو سەرۆک هۆزی کورد دەکات

هەواڵەکان : ماوەیەک لەمەوبەر ژمارەیەک کۆنە مستەشار بەمەبەستی زیندووکردنەوەی فەوجەکانیان سەردانی بەرپرسانی حکومەتی بەغدادیان کردبوو، خواستبوویان کە لە پرۆسەی زیندووکردنەوەی قەوارە هەڵوەشاوەکاندا مووچە بۆ چەکدارەکانی فەوجەکانی ئەوانیش بگێڕدرێتەوە. لەو پێوەندیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان کاردانەوەیەکی توندی پێشانداو راستەوخۆ هەڕەشەی لەو سەرۆک هۆزە کوردانە کرد کە هەوڵی زیندووکردنەوەی جاشایەتی دەدەن.

لەم رۆژانەی دواییدا، سەرچاوەکانی هەواڵ، دیداری نێوان نوری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی حکومەتی عێراق و دوو سەرۆک هۆزی کوردیان ئاشکرا کردو وایان راگەیاند کە بە ئامانجی زیندووکردنەوەی فەوجەکانیان دوو سەرۆک هۆزی کورد سەردانی مالیکیان کردووە، سەدو پەنجا هەزار دۆلاریان لێوەرگرتووە. هەرچەندە تا ئێستا بە فەرمی هەواڵەکە پشت راست نەکراوەتەوە، بەڵام حکومەتی بەغداد راشکاوانە خۆی لە ئاسایی کردنەوەی رەوشی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە دەپارێزێ و ئاستەنگ لەبەردەم لێژنەی ئاسایی کردنەوەی باردودۆخی کەرکوک دروست دەکات. هاوکاری کردنی سەرۆک جاشەکان بۆ زیندووکردنەوەی جاشایەتی لەلایەکەوە کۆسپی گەورەتر لەبەردەم ئاسایی کردنەوەی ناوچە دابڕاوەکان دروست دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە دژایەتیکردنێکی ئاشکرا دژ بە کوردستان دەگەیەنێ و دەبێ حکومەتی هەرێم لێبڕاوانە لەبەرانبەر حکومەتی بەغداد هەڵوێست وەربگرێ و کاردانەوە پێشان بدات.

رۆژەف

بەگوێرەی هەواڵەکان، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکلاییکردنەوەی چەند پرسێکی گرنگی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی سەردانی بەغدادیان کردووە. ئامانجی سەردانەکە دۆزینەوەی رێوشوێنی هاوکاری و هاوهەنگی نێوان هەرێم و بەغدادە. بریار وایە سەرۆکی هەرێم پرۆژەیەکی ئاشتەوایی بە لایەنە عێراقییەکان بدات، سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش تەوەری نەوت و بودجەو مادەی ١٤٠ بوروژێنێ .

راستیەکەی کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستیان بە خەمساردی و کەمتەرخەمیەکانی کاربەدەستانی بەغداد سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە کردووە. گەلی کوردستانیش بە گومانەوە لە بەڵێنەکانی بەغداد دەڕوانن، رۆژانە رەفتارە نەشیاوەکانی کاربەدەستانی بەغداد و سەرکردەی حزبە عێراقیەکان دەبینن. لەجیاتی لێژنەی ئاسایی کردنەوەی رەوشی پارێزگای کەرکوک چالاک و کارا بکرێ، ئاستەنگ و گرفتی بۆ دروست دەکرێ. لەجیاتی عەرەبە هاوردەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە لێیانەوە هاتوون، بگێڕدرێنەوە، لەژێرەوە پارەیان بۆ هەڵدەڕێژێ و داوایان لێدەکرێ بەهەر نرخێک بێ موڵک و ماڵی کوردان بکڕن و رێژەی عەرەب لە پارێزگای کەرکوک زۆرتر بکەن.

بۆ لەبیربردنەوەی پرسی نەتەوەیی، حکومەتی بەغداد یاری خاپاندن لەبەرانبەر کورد بەڕێوەدەبات، بە بیانۆی یاساییەوە رێگری لەو کۆمپانیایانە دەکات کە دەیانەوێ لە بەستێنی پەترۆل و سەرچاوە سروشتیەکاندا بۆندەو گرێبەست لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ بکەن. ئەمەش بە دژایەتیکردنی پێشکەوتنی هەرێم و ئاسوودەیی گەلی کوردستان تەواو دەبێ.

سەرکردەی هەندێ هێزی عێراقی بەهاودەستی لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەر سەرسەختانە بۆ ئاڵۆزکردنی رەوشی کەرکوک تێدەکۆشن. سەرکۆمار و سەرۆکوەزیرانی تورکیا دەزانن رەوشی عێراق ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، لەبەردەم کاربەدەستانی بەغدادا دەست لە کاروباری ناوەخۆی عێراق وەردەدەن و سنووری بۆ دیار دەکەن.

ئێستا کارتی بەهێز لەدەست حکومەتی هەرێمی کوردستان دایە، دەکارکردنی ئەو کارتانە بوێری و خۆنەویستی گەرەکە، ئەگەر کارتە هەنووکەییەکان شارەزایانە یارییان پێنەکرێ و لە کات و ساتی خۆیاندا نەخرێنەڕوو لەوانەیە هەناسە ساردیەکی دیکە رووەمان تێبکات.

ئەمڕۆ بەغداد پێویستی بە کوردستان هەیە، ئەگەر هەوڵ و کۆششی سەرکردایەتی هێزە سیاسیەکانی کوردستان نەبێ، هەڵوەشانەوەی عێراق سەرراست دەبێتەوە. ئەگەر ئێستا کاربەدەستانی هەرێم پێداگری زیاتر لەسەر ماف و سەروەریەکانی کوردستان نەکەنەوە، لەوانەیە گۆڕان و پێشهاتەکانی داهاتوو بچووکمان بکەنەوە. ئێمە خوازیارین کە چیتر بەرژەوەندی حزبایەتی سەرپشک نەکرێ، چیتر ستراتیژ و خواستەکانی گەل بە قوربانی دەستکەوتی هەنووکەیی نەکرێن، با لێبڕاوانەو شێلگیرانە جەخت لەسەر ماف و سەروەری و خواستەکانی گەلی کوردستان بکرێتەوە، با چیتر هەڕەشەکانی داگیرکەران نەکرێ بە بیانۆ بۆ دوورخستنەوەی ئاوات و خواستەکانی جەماوەر.

رەورەوەی مێژوو بەرەو پێشەوە رێگەی گرتووە. با دەست بە خواستەکانمانەوە بگرین و بەرەو پێکهێنانی نیشتمانێکی سەربەخۆ و کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر هەنگاو هەڵبگرینەوە.

رۆژهەڵاتناسێکی گەنج: بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێ کۆنترۆڵی عێراق بکا، پێویستی بە ٥٠ هەزار سەربازە

ئەندرو باسیفیچ، کە مامۆستای مێژووی ئەمریکایە لە زانکۆی بۆستۆن، و کوڕی سەرکردەیەکی سەربازی ناودار لە ئەمریکا، لە وتارێکی کورتدا کە لە ئەنجامی سەردانی ٤ ساڵی بۆ عێراق نووسیویەتی، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەمریکا ناتوانێ کۆنترۆڵی عێراق بکا، ئەگەر ٥٠ هەزار سەربازی نەنێرێ.

رۆشنبیرانی موسڵ داوا دەکەن شارەکەیان بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان

سەرچاوەیەکی نزیک لە رۆشنبیرانی پارێزگای موسڵ بە (رۆژی گەل)ی راگەیاند کە کەسایەتیە ناودارەکانی شاری موسڵ و ژمارەیەک رۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەند پێشنیارێکیان گەڵالەکردووەو پێکۆڵی ئەوە دەکەن کە پارێزگای موسڵ بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار سەردانی بەرپرسانی حزبە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکانیان کردووە، بەڵام کاربەدەستانی کوردستان وەڵامی ئەرێیان پێ نەداونەتەوە و پێشوازیان لە پێشنیارەکەیان نەکردووە.

ئەوەی شیاوی باسە ماوەیەک لەمەوبەر ژمارەیەک رۆشنبیری پارێزگای موسڵ لە رێگەی رۆژنامەی موسڵی ئازادەوە ئەو پێشنیارەیان خستبووەڕوو، سەرچاوەکە دووپاتی کردووە کە شاندێکی ئەو کەسایەتیانە بەنیازە بەفەرمی پێشنیار و داخوازیەکەی خۆیان هەم بە کاربەدەستانی کوردستان، هەم بە دەستەڵاتدارانی بەغداد بگەیەنن، بەڵام ترسی ئەوەیان هەیە کە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە داخوازیەکەیان نەکەن و دەستەڵاتدارانی بەغدادیش لە دژایاندا بوەستنەوە.

سەرۆکی پارتی چەپی سوید نامەیەک بۆ (چاک) دەنێرێ

دۆستێکی نزیکی گەلی کوردستانەو لەگەڵ ژنێکی باکوری کوردستان ژیانی هاوسەرێتی پێکهێناوە.

هەواڵەکان : ناوەندی هەڵەبجە بۆ بەگژداچوونەوەی ئەنفال و جینۆساید(چاک) لە هەواڵێکی تایبەتدا ئاشکرای کردووە کە لاسێ ئۆلی(Lasse Ohly) سەرۆکی پارتی چەپی سوید نامەیەکی پشگیری بۆ ناردوون و رای گەیاندووە کە ئەو پشتیوانی لە کامپینی ناساندنی ئەنفال وەکو تاوانی جینۆسایددا دەکات. لە برگەیەکی دیکەی نامەکەیدا لاسێ ئۆلی دووپاتی کردۆتەوە کە پارتی چەپی سوید لەهەوڵی خۆی بەردەوام دەبێت تا رۆژی ١٦-٣ کە رۆژی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەیە بە رۆژی دژ بە چەکی کۆمەڵکوژی لە جیهاندا بناسرێ.

ئەوەی شیاوی باسە لاسێ ئۆلی باشی بەرانبەر کیوبیک پێشان نەدابوو، بەمەش لایەنگرانی لەو هەرێمەدا بەرەو کەمی دەڕۆیشتن، بەم لێدوانەی هەوڵ دەدات جێگەیەکی تایبەت لە نێو دانیشتووانی هەرێمی کیوبیک دا بکاتەوە.

هەرێمی کیوبیک جێگەی ململانێی نێوان حکومەتی ناوەندی و دانیشتووانەکەیەتی. دانیشتووانی هەرێمی کیوبیک بە فەرەنسی دەدوێن و خۆیان بە کەنەدی ناژمێرن، بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی هەرێمەکەیان تا ئێستا دووجاران راپرسیان بەرێوەبردووە. ساڵی ١٩٨٠ و ١٩٩٥ بەمەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی هەرێمە ریفراندۆم وەک دادوەر سەرپشک کراوە، ساڵی ١٩٩٥ زۆری نەمابوو کە هەرێمی کیوبیک سەربەخۆی خۆی وەبگرێت و لە کەنەدا جیابێتەوە، ئێستاش جارێکی دیکە سەربەخۆخوازانی ئەو هەرێمە خۆیان بۆ بەرێوەبردنی ریفراندۆم ئامادە دەکەن و دەیانەوێ لە ساڵانی داهاتوودا جارێکی دیکەش ئەو کێشەیە لە رێگەی راپرسیەوە بخرێتە رۆژەڤەوە.

کیوبیک خۆی بۆ ریفراندۆمێکی دیکە ئامادە دەکات

ستیڤن هاربەر، سەرۆکوەزیرانی کەنەدا لە لێدوانێکی چاوەڕوان نەکراودا، رۆژی چوارشەمەی رابردوو، دانیشتووانی هەرێمی کیوبیکی وڵاتەکەی بە نەتەوەیەکی جیاواز ناوبردو رایگەیاند کە ئەوان نەتەوەیەکن لەنێو کەنەدادا، ئەمەش مشتومڕێکی دیکەی سەبارەت بە چارەنووسی هەرێمی کیوبیک هێناوەتە ئاراوە.

شیاوی باسە لە ماوەی رابردوودا هاربەر هەڵوێستی

عێراق:
شەڕی نێوەخۆ گەورەتر دەبێ و ژمارەی قوربانیەکانیش بەرز دەبێتەوە

دوای ئەوەی هێرش کردنە سەر مزگەوت و شوێنە تایبەتیەکانی هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە بەشێوەیەکی بەربڵاو دەستی پێکردووە، ژمارەی کوژراوەکانیش بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرزبۆتەوە. تەقینەوەکانی رۆژی پێنج شەممەی رابردووی شاری سەدر کە زیاتر لە ٢٥٠ کوژراو و ٢٠٠ بریندار لێکەوتەوە، گەورەبوون و خوێناوی بوونی ئەو شەڕە نێوەخۆییەی عێراقی پێشاندا کە کاربەدەستانی بەغداد هەبوونی رەتدەکەنەوە، خۆیانی لێدەدزنەوەو دانی پیانانێنن، هەر لەو پێوەندیەدا رۆژی هەینی رابردوو گروپێکی عەرەبی شیعە بەبەرچاوی هێزەکانی بازگەیەکی پارێزگای بەغداد شەش عەرەبی سوننەیان قۆڵبەست کرد، نەوتیان بەسەر داکردن و گڕیان تێبەردان.

ئەوەی شیاوی باسە رێکخراوی مافی مرۆڤی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان(یۆنامی) لە دوایین راپۆرتی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە تەنیا لە هەردوو مانگی ٩ و ١٠ی ئەمساڵدا زیاتر لە حەوت هەزار کەس گیانیان لەدەست داوە کە ٤٩٨٤ کەس تەنیا لە شاری بەغدادا بوونە، بەڵام حکومەتی عێراق ئەو راپۆرتەی بە درۆ خستەوەو کوژراوانی زۆر لەوە بەکەمتر دانا.